وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەدین

کۆلێژی ئاداب- بەشی ڕاگەیاندن

قۆناغی دوو (بەیانیان)

# وانەی

# تیۆرەکانی راگەیاندنی نوێ

مامۆستای بابەت

د. باران محمد عبداللە

2025

**دەروازەیەک بۆ میدیایی نوێ:**

ئامرازە کلاسییەکانی راگەیاندن بۆ ماوەیەکی زۆر دەستیان بەسەر کایەی راگەیاندندا گرتبوو لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا, لەگەڵ سەرهەڵدانی چەمکی میدیایی نوێ نەخشەی کاری پەیوەندیکردن و راگەیاندن دووبارە بونیاندنرایەوە. ئەویش بەهۆکاری ئەو تایبەتمەندییانەی کە خاوەنییەتی:

- جیهانگیری و فراوانی
- خێرایی و کارلێککراو
- کەمی تێچوو
- مەڵتی ئامراز
- بێ سنووری
- پشت نابەستێت بە پاسەوانی دەرگا و رێکارەکانی پەخش و بڵاوکردنەوە
- ئازادی.

ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی سەرهەڵدانی میدیایی نوێ دەکرێت لە سێ لایەندا کۆبکرێنەوە ئەوانیش:




ئامرازە میدیاییە نوێیەکان کۆمەڵێک چالاکی نوییان هێنایەوەتە کایەوە, ئەویش لە دوو لایەن لایەنێک جیاوازی ئامرازە بەکارهێنراوەکان دووەمیان بەکارهێنانی بەکاربەر, ئامرازە نوییەکان کۆمەڵێک گۆڕانکارییان لەسەر بنەمای ناوەرۆک و شێوازی بەرهەمهێنانی میدیایی بەرمهێناوە,

هەروەها گۆڕانکاری تر وەک پەیوەندی بەرکاربەر لەگەڵ ئامراوەکانی میدیایی نوێ و ئەو کاریگەرییانەی لەنێوانین ئاڵوگۆڕ دەبێت, بەمەش کۆمەلێک تیۆری نوێ بۆ ئەم جۆرە لە پەیوەندییە هاتۆتەکایەوە بۆ ئەوەی  سروشتی پەیوەندییەکە ڕوونبکرێتەوە.

**تیۆر چییە؟**

تیۆرییەکانی میدیا چوارچێوەیەکی فیکرییە, ڕوونی دەکاتەوە چۆن میدیا کاریگەری لەسەر بیرۆکە و ڕەفتارەکانی کۆمەڵگا هەیە. تێگەیشتن لەم تیۆریانە زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە میدیا چۆن کاریگەری لەسەر تاک و کۆمەڵگا بە گشتی دەبێت.

یاخود تیۆر بریتییە لە پرسێک بە بەڵگە جێگیر بکرێت, یان بریتییە لە ڕێکخستنی چەند شتێکی زانراو لە دۆخێکەوە کە نەزانراوە بۆ ئەوەی ببێت بە دۆخێکی زانراو.

## تیۆری بۆشایی گشتی یان کایەی گشتی (Public Sphere Theory)

تیۆری بۆشایی گشتی "کایەی گشتی" یەکێکە لەو تیۆرییانەی کە پەیوەندی بە کاریگەری میدیاوە هەیە لەسەر کۆمەڵگا،  بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن فەیلەسوفی ئەڵمانی (یورگن هابرماس) لە کتێبی "پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی کایەی گشتی" (1962) پەرەی پێدراوە. بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی میدیای نوێ و سەرهەڵدانی ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا، ئەم تیۆرە گونجێنراوە بۆ ئەوەی کۆنتێکستە مۆدێرنەکان بگرێتەوە.

بۆشایی گشتی (کایەی گشتی) ئەو فەزایەیە کە تاکەکان بە شێوەیەکی نافەرمی کارلێک دەکەن بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان و هاوبەشکردنی بۆچوونەکان ئەو ئایدۆلۆژیایانەی کە کاریگەرییان لەسەر سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە. بە شێوەیەکی نەریتی ئەم کایە بە کافێ، ڕۆژنامە، یان یانە سیاسییەکان نوێنەرایەتی دەکرا، بەڵام لە سەردەمی میدیای نوێدا کایەی گشتی لە دەوری پلاتفۆرمی ئینتەرنێتی وەک سۆشیال میدیا (فەیسبووک، تویتەر، ئینستاگرام و ، مەکۆ و بلۆگ و پۆدکاست, هتد) دەسوڕێتەوە .

میدیای نوێ گۆڕانکاری لە چۆنیەتی داڕشتنی کایەی گشتی کردووە. لە ڕابردوودا میدیاکان بە دەستەبژێرە گەورەکانی میدیا وەک (ڕۆژنامە، کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان) زاڵ بوون، بەڵام لەگەڵ هاتنی ئینتەرنێت، هەر کەسێک دەتوانێت لە ڕێگەی بلۆگکردن، ڤیدیۆ، یان تویتەوە بەشداری ئەم فەزایە بکات. ئەم گۆڕانکاریانە کایەی گشتییان دیموکراتیزە کرد، کە زۆرجار میدیای میراتی کەوتبووە ژێر

سانسۆر و کۆنترۆڵەوە. شۆرشی پەیوەندیکردن و زانیاری بۆە هۆکاری دروستکردنی ژینگەیەکی گشتی، دروستکردنی ژینگەیەکی مرۆیی بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەگشت شوێنێکی جیهان، هەر تاکێک خاوەنی بەها و رۆشنبیری و بیروڕای جیاوازە بەمشێوەیە ژینگەیەکی فراوانی ئاڵوگۆڕ بەردەست دەبێت. گۆڕانکاری لە بواری ئامرازەکانی راگەیاندن بونە هۆی سەرهەڵدانی شێوازێکی تازە لە پەیوەندی دروستکردن.

تیۆری بۆشایی گشتی گریمانەی نەهێشتنی ئەو بەربەستانە دەکات کە لەنێوان پرۆسەی پەیوەندیکردن هەیە، تاکەکان دەتوانن بەشداربن و کارلێک بکەن لە ژینگەیی ئەلیکترۆنیدا، گریمانەکان بریتیین لە:

**گریمانەی یەکەم:** لابردنی سنور لەبەردەم تاکەکان، تاک دەرفەتی هەیە گفتوگۆ و ئاڵوکۆڕی بیروڕا و زانیار بکات لەسەر بنەمای تێگەیشتن و ئاڕاستەکانی، ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری یەکێکە لە مەرجەکانی بەشداریکردن و گفتوگۆکردن.

**گریمانەی دووەم:** ئەم گریمانەیە وایدەبینێت گە زۆری و جۆراوجۆری جەماوەر لە بوارە گشتییە جیاوازەکان، دوور دەکەوێتەوە لە بواری گشتی دیموکراسی بەهۆکاری ئەوەی ئەم بوارە پێویستە یەک بواری گشتگیر بێت و لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگا.

**گریمانەی سێیەم:** ئەم گریمانەیە وایدەبینێت ئەو گفتوگۆیانەی لە بواری گشتی دەخرێنەبەر باس، پێویستە پەیوەست بێت بە ویست و گفتوگۆی گشتی پەیوەست بە بەرژەوەندی گشتی.

تیۆری بۆشایی گشتی لە سەدەی هەژدەیەم وەک دەرهاوێشتەی پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان لەلایەن (هابرماس) دانراوە، لە بەریتانیا و فەرەنسا و ئەلمانیا. تیۆری ناوبراو لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم بۆ هەر قۆناغێک بەجۆرێک مامەڵەی لەگەڵ کراوە، تاوەکو قۆناغی شۆرشی پەیوەندیکردن و ئینتەرنێت، گفتوگۆکان گۆڕانیان بەسەرداهات تیۆری بۆشایی گشتی ناونرا تیۆری بۆشایی گشتی ئەلیکترۆنی، بوو بە دەرچەیەک بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری و گفتوگۆکردن و دژایەتی بیروڕاکان.

تیۆری بۆشایی گشتی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئامرازە راگەیاندنە ئەلیکترۆنییەکان (میدیایی نوێ) جۆرێک لە گفتوگۆ دروستدەکات لەنێوان جەماوەر، لەم رێگایەوە رای گشتی دروست دەبێت.

**لە گرنگترین سیفاتەکانی تیۆری بۆشایی گشتی:**

**یەکەم: سەربەخۆیی و شەفافیەت:** لە ڕێگەی میدیای نوێوە، تاکەکان توانای زیاتریان هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و بەشداریکردن لە گفتوگۆکاندا بە شێوەیەک کە تەرکیز نەکات یان ملکەچی سانسۆری تەقلیدی نەبێت، ئەمەش بەشدارە لە بەرزکردنەوەی شەفافیەت. لە هەمان کاتدا، ڕەنگە تەحەددایەک بێت بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە یان زانیاری هەڵە.

**دووەم: پارچەپارچەبوون و دابەشبوون:** یەکێک لەو کاریگەرییە نەرێنییە گرنگانەی ڕەخنەگران ئاماژەی پێدەدەن ئەوەیە کە ئینتەرنێت ڕەنگە ببێتە هۆی پارچەپارچەبوونی کایەی گشتی، بەو پێیەی هەموو کەسێک لەیەک فەزادا کارلێک ناکات یان بەریەک ناوەڕۆک ناکەوێت. ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی دروستبوونی "بڵقی زانیاری" کە تاکەکان تەنها لە ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەگەڵ ئەو کەسانەدا سنووردار دەبن کە لەگەڵیاندا هاوڕان، ئەمەش فرەچەشنی فیکری و ئاڵوگۆڕی کولتووری کەمدەکاتەوە.

**سێیەم: بەشداریی تاک و پێکهاتەکان:** لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە تاکەکانی ناوچە جیاوازەکانی جیهان دەتوانن بەشداری لە گفتوگۆی گشتیدا بکەن سەبارەت بە پرسە سیاسی، کۆمەڵایەتی، یان کولتوورییەکان. ئەم بەشداریکردنانە ڕەنگە بەکۆمەڵ بن کە خەڵک پێکەوە کاردەکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکان، وەک لە هەڵمەتە سیاسی یان کۆمەڵایەتییەکان دەبینرێت کە بە شێوەی ئۆنلاین ئەنجام دەدرێن (وەک بزووتنەوەکانی #MeToo یان Black Lives Matter).

**چوارەم: سانسۆر و چاودێری:** یەکێک لە لایەنە نەرێنییەکانی میدیای نوێ، ڕۆڵی حکومەت و کۆمپانیاکانە لە چاودێریکردنی ئەم کایە گشتییەدا. لە هەندێک حاڵەتدا ناوەڕۆک سانسۆر دەکرێت یان ڕەنگە داتاکانی بەکارهێنەران بەدواداچوونیان بۆ بکرێت بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر ڕەفتار و بۆچوونەکانیان هەبێت. هەروەها هەوڵ هەیە بۆ سنووردارکردنی ئازادی ڕادەربڕین لە ڕێگەی یاساکانی کۆنترۆڵکردنی ئینتەرنێت یان سنووردارکردنی جۆری ناوەڕۆک کە ڕێگەپێدراوە.

**تیۆری حەتمیەتی تەکنەلۆژیا:**

تیۆری حەتمیەتی تەکنەلۆژیا یەکێکە لە تیۆرە نوییەکانی گەیاندن کە ڕۆڵی دەزگای راگەیاندن و سروشتی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەکان دیاریدەکات.

خاوەنی ئەم تیۆرە (مارشاڵ ماکلۆهان)ە, وەک شۆرشێک باس لە ڕۆڵی ئامرازەکانی راگەیاندن دەکات لەسەر تاک و کۆمەڵگاکان. بەبیروڕای ئەو زانیاری و ئامرازەکانی گەیاندنی دوو ڕووی یەک دراون و ناکرێت لەیەک جیابکرێنەوە, ماکلۆهان پێی وابوە ئامرازەکان خۆیان پەیامن و تەکنەلۆژیا جیهان دەکات بە گوندێک.

ئەم تیۆرە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە, ناکرێت ناوەرۆکی دەزگا میدیاییەکان بەتەنها و دوور لە تەکنەلۆژیای ئامرازە میدیاییەکان تەماشابکرێن, چونکە چۆنیەتی و شێوازی بەرکەوتنی ئامرازە میدیایەکان بۆ بابەتەکان و ئەو جەماوەرەی پەیامەکەی بۆ دەنێرن کاریگەرییان هەیە لەسەر گوتاری کەناڵەکان.

لێرە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە بەپێی بۆچوونەکانی ماکلۆهان, وەچەرخانی بنچینەیی لە تەکنەلۆژیادا بوار دەرەخسێنێت وەچەرخانی گەورەی تر ڕووبدەن نەک تەنها لە رێکخستن و سیستەمی کۆمەڵایەتی بەڵکو لە بوارە هەستیارەکانی دیکەی مرۆڤایەتیدا. چونکە بە بیروڕای ئەو سیستەمی کۆمەڵایەتی ناوەرۆکی میدیایی دیاریدەکات, بۆیە ئەم تیۆرە پەیوەندی نێوان پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی شیدەکاتەوە.

**<u>گریمانەکانی تیۆری حەتمیەتی تەکنەلۆژیا:</u>**

**گریمانەی یەکەم: ئامرازەکانی پەیوەندیکردن درێژکراوەی هزر و هەستەوەرەکانی مرۆڤن:**

ماکلۆهان پێوایە خەڵک لەگەڵ بارودۆخی ژینگەییدا لەهەموو سەردەمێکدا ڕادێن, ئەوەش پەیوەستە بەجۆری ئەو ئامرازە میدیاییەی بەکاریدەهێنن, هەروەها جۆری ئەو نمایشەی کە بۆ بابەتەکان دەکرێت و جۆری ئەو جەماوەرەی کە پێشوازی لە میدیا و ناوەرۆکەکەی دەکەن.ماکلۆهان ئەوەی خستۆتەڕوو کە سروشتی ئامرازەکانی گەیاندن لە هەموو قۆناغەکاندا زیاتر کاریگەری هەبوە هەتا ناوەرۆکی پەیامەکان.

**گریمانەی دووەم: ئامرازەکان پەیامن:**

ئەم گریمانەیە بە مانای ئەوە دێت کە (سروشتی ئامرازەکان نەوەک ناوەرۆکی پەیامەکان هۆکاری بنەرەتین بۆ دروستبوونی کۆمەڵگاکان), واتە هەموو ئامرازێک جەماوەری تایبەت بە خۆی هەیە خۆی ڕادەهێنێت لەگەڵ تایبەتمەندی ئەو پەیامەی ئەو ئامرازە پێشکەشی دەکات.

هەروەها ماکلۆهان پێی وایە ناوەرۆکی پەیام ناکرێت بەتەنها و دوور لە تەکنەلۆژیا تەماشابکرێت, چونکە بابەتەکان و جەماوەر کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەوەی کەناڵەکە دەیڵێت, بەڵام سروشتی ئامرازەکە زیاتر کۆمەڵگا وابەستە دەکات وەک لە ناوەرۆکی پەیامەکە.

بەبۆچوونی ماکلۆهان ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن پێکهاتەی کۆمەلگاکان دەگۆڕن.

**تیۆری بۆشایی زانینی ئەلیکترۆنی:**

تیۆری بۆشایی زانین مەبەستی شێوازێکە لە بۆشایی زانین بەڵام لە دونیای مەجازیدا, بەکاردێت بۆ وەسفکردنی جیاوازی نێوان تاکەکان و کۆمەڵەکەکان و وڵاتان لە توانای دەستپێڕاگەیشتن بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و زانیاری سەردەم. لێکۆڵەران سەیری گۆڕاوەکانی دەستگەیشتن بە ئینتەرنێت دەکەن وەک تاکە گۆڕاوێکی سەرەکی لەنێوان چەند گۆڕاوێکی تر کە کاریگەرە لەسەر دروستبوونی بۆشایی ئەلیکترۆنی. گۆڕاوەکانیش وەک: (کوالیتی تۆڕی ئینتەرنێت, بوونی خزمەتگوزاری پاڵپشت بۆ دەستخستنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت, تێچوونی بەدەستهێنانی ئینتەرنێت) هەروەها بۆشایی زانینی ئەلیکترۆنی تەنانەت بەواتای توانای تاک و کۆمەڵ دێت لە بوونی تەکنیک و ئامرازی تەکنیکی و هونەری پێویست بۆ چونە نێو تۆڕی ئینتەرنێت و بەکارهێنانی.

تیۆری بۆشایی زانینی ئەلیکترۆنی یەکێکە لە تیۆرەکانی کاریگەری, بۆتە ئامرازێک لە توێژینەوەکان بەکاردێت بۆ وەسفکردنی جیاوازی نێوان تاکەکان و کۆمەڵەکان و وڵاتان لە بوونی تانا لە بەکارهینانی ئامرازی میدیایی نوێ.

دروستبوونی بۆشایی زانینی ئەلیکترۆنی تەنانەت لەنێوان دانیشتوانی یەک وڵاتیش ڕوودەدات, بەهۆکاری دەسپێڕاگەیشتنی هەندێک بە زانیاری دیجیتاڵی و نەبوونی توانای هەندێکی تر ئەمیش بەهۆی گرفتی وەک ( سانسۆری دیجیتاڵی, نەزانینی زمانی تر, نەبوونی ناوەرۆکێکی رۆشنبیری کە بگونجێت لەگەڵ هەموو بەکاربەران).

**تیۆری بۆشایی زانینی ئەلیکترۆنی پشت بە پێنج گریمانە دەبەستێت, ئەوانیش:**

1. نایەکسانی چینایەتی لە کۆمەڵگادا دەبێتە هۆی دابەشکردنی نادادپەروەرانەی لە بابەت و زانیاری.
2. دابەشکردنی نادادپەروەرانەی سەرچاوەکان لە بەرامبەردا دەبێتە هۆی نایەکسانی ڕێژەی دەستڕاگەیشتن بە تەکنەلۆژیا ئەلیکترۆنی لەنێوان تاکەکان.
3. جیاوازی ڕێژەی دەستڕاگەیشتن بە تەکنەلۆژیا دیجیتاڵییەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سیفات و تایبەتمەندییەکانی خودی تەکنەلۆژیا دیجیتاڵی.
4. بەردەستبوونی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی دەبێتە هۆی جیاوازی لە ئاستی بەشداریکردنی تاکەکان لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگادا.
5. نایەکسانی لە ئاستەکانی بەشداری کۆمەڵگادا، لە بەرامبەردا، کێشەکانی نایەکسانی چینایەتی و دابەشکردنی نادادپەروەرانەی سەرچاوەکان گەورەتر دەکات.

ڕەوتی لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا ئاماژە بەوە دەکات کە زیادبوونی کەلێنی دیجیتاڵی نێوان وڵاتان ڕەنگە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی بانگەوازەکان لە داهاتوودا بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی نوێی دیجیتاڵی جیهانی، هاوشێوەی سیستەمی نوێی میدیای جیهانی کە لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا مشتومڕی لەسەر بوو، پێش سەرهەڵدانی میدیای نوێ.

**تیۆری بەدیجیتاڵکردنی میدیا:**

کۆمەڵێک چەمکە کە تیشک دەخاتە سەر کاریگەرییەکانی دیجیتاڵ میدیا، وەک ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا لەسەر تاک و کۆمەڵگا. ئەم تیۆرییە باس لەوە دەکات کە چۆن پەیوەندی و میدیا بەهۆی گەشەسەندنی تەکنەلۆژیاوە گۆڕاوە و شێوازی بەکارهێنان و دابەشکردنی زانیاری لە سەردەمی دیجیتاڵیدا.

گرنگترین لایەنەکانی تیۆری میدیای دیجیتاڵی:

١. کارلێککردن:

میدیای دیجیتاڵی وەک سۆشیال میدیا و ماڵپەڕە کارلێککارەکان توانای کارلێککردن لەگەڵ بەکارهێنەران و بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک هەیە، ئەمەش جیاوازە لە میدیای تەقلیدی کە پشتی بە مۆدێلی "نێرەر-وەرگر" بەستبوو. لەم چوارچێوەیەدا بینەر نەک هەر دەبێتە وەرگری ناوەڕۆک بەڵکو دەبێتە بەرهەمهێنەری ناوەڕۆکەکەی. ئەمەش ژینگەیەکی میدیایی دروست دەکات لە پەیوەندی دوولایەنە.

٢. گۆڕانکارییەکان لە دروستکردنی ناوەڕۆکدا:

لە میدیای دیجیتاڵیدا هەموو کەسێک دەتوانێت ببێتە دروستکەری ناوەڕۆک (لە ڕێگەی بلۆگ و ڤیدیۆی یوتیوب و ئەپی کۆمەڵایەتی تر). ئەمەش پێچەوانەی میدیای تەقلیدییە، کە میدیا لەلایەن دامەزراوە گەورەکانەوە قۆرخکرابوو. ئەمەش ڕێگە بە هەمەچەشنی بۆچوون دەدات، هەروەها فۆرماتی ئەو زانیاریانە دەگۆڕێت کە ئاڕاستەی خەڵک دەکرێت.

٣. ئاگادارکردنەوەی کەسی و پاراستنی نهێنی:

میدیای دیجیتاڵی توانای خۆڕێکخستنی ناوەڕۆکی هەیە, به پشتبەستن بە ئارەزوو و پێداویستییەکان, پێشکەش بە تاکەکان دەکات. ئەم بە کەسایەتیکردنە دەتوانێت ببێتە هۆی دروستکردنی پەیوەندی قووڵتر لەگەڵ ناوەڕۆک، بەڵام مەترسی لەدەستدانی نهێنی بەهۆی ئەو زانیاریانەی کە کۆدەکرێنەوە زیاد دەکات. ئەم تیۆرییە باس لەوە دەکات کە چۆن ئەم مافە تایبەتمەندی و داتاکانی تاکەکان کاریگەرییان لەسەر جیهانی میدیای دیجیتاڵی هەیە.

٤. کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان:

میدیای دیجیتاڵی سنووردار نییە بە بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆک بەڵکو کاریگەری کۆمەڵایەتی بەرچاوی هەیە، وەک داڕشتنی ناسنامەی تاکەکان، هاندانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و دروستکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی. پەرەسەندنی سۆشیال میدیا وایکردووە تاکەکان بتوانن کارلێک لەگەڵ ئەوانی تردا بکەن لەسەر ئاستی جیهانی، کۆمەڵگە و بەرژەوەندی هاوبەش لە ڕێگەی تۆڕەوە دروست بکەن.

٥. کارلێککردن لەگەڵ ئەلگۆریتمەکان:

ئەو ئەلگۆریتمانەی کە پلاتفۆرمەکانی وەک فەیسبووک و یوتیوب و ئینستاگرام بەکاریدەهێنن بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە بەکارهێنەران چی ببینن, بەشێکی گرنگن لە کاریگەرییەکانی دیجیتاڵ میدیا. ئەم ئەلگۆریتمانە کاریگەرییان لەسەر ناوەڕۆکی ئەو پەیامانە هەیە کە تاکەکان وەریدەگرن، و بەشدارن لە دیاریکردنی ڕەوت و بەرژەوەندییەکانیان.

٦. ناوەڕۆکی مالتیمیدیا:

میدیای دیجیتاڵی دەق، وێنە، ڤیدیۆ و دەنگ کۆدەکاتەوە بۆ یەک ناوەڕۆکی هەمەچەشن و بە ئاسانی بەدەست دەبن. بەکارهێنەران دەتوانن بە شێوازی جیاواز کارلێک لەگەڵ ناوەڕۆکدا بکەن، ئەمەش وا دەکات بەشداریکردنی میدیا کاریگەرتر بێت.

٧. کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان:

أ. هەستکردن بە تەنیایی و گۆشەگیری: هەرچەندە میدیای دیجیتاڵی ڕێگە بە پەیوەندییەکی بەرفراوان دەدات، بەڵام هەندێک لێکۆڵینەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕەنگە ببێتە هۆی زیادبوونی هەستکردن بە دابڕانی کۆمەڵایەتی بەهۆی حەزکردنی خەڵک بۆ دیجیتاڵی نەک کارلێکی کەسی.

ب. کاریگەرییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان: میدیای دیجیتاڵی بووەتە ئامرازێکی بەهێز لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. لە ڕێگەی پلاتفۆرمەکانی وەک تویتەر و فەیسبووکەوە تاکەکان دەتوانن خۆیان ڕێکبخەن و بۆچوونەکانیان دەرببڕن و تەنانەت کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی گشتی هەبێت.

بۆیە تیۆری میدیای دیجیتاڵی تیشک دەخاتە سەر گرنگی کارلێکی نێوان تاکەکان و میدیا لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای مۆدێرن، هەروەها ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییەکانە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ناوەڕۆک و چۆنیەتی بەرهەمهێنانی و ئەو کاریگەرییانەی کە میدیای دیجیتاڵی لەسەر کۆمەڵگا هەیەتی.

**چۆنیەتی بەکارهێنانی تیۆر لە توێژینەوە میدیاییەکان و ئامانجەکانی:**

تیۆر بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە (کۆمەڵێک گریمانەی بەیەکداچوو, مەبەستی شیکردنەوەی چۆنیەتی رووداوانی رووداوێکە, بەوشێوەیەی کە لە واقیعدا هەیە). هەرچی گریمانەیە بریتییە لە (کۆمەلێک رستە یان رستەی پێشبینیکراو توێژەر دایدەنێت بۆ شیکردنەوەی سروشتی پەیوەندی نێوان رووداوەکان بە رەفتارێکی دیاریکراو).

دانانی تیۆر لە توێژینەوە بۆ مەبەستی روونکردنەوەی دیاردەیەکی دیاریکراو یاخود شیکردنەوەی ڕەفتارێکی مرۆیی دیاریکراو دێت. لە ئامانجەکانی بوونی تیۆر  لە توێژینەوە بریتییە لەمانەی خوارەوە:

1. وەسفکردنی بارودۆخ: واتا شیکردنەوەی ئەو دیاردەیەی کە توێژینەوەی لەبارەیەوە ئەنجامدەدرێت, بۆ نموونە: پرسیار کردن لەوەی چی روودەدات لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەیەکی پەیوەندیکردن؟

بۆ نموونە/ کۆمەڵێک خەڵک گفتوگۆ لەباەی بابەتێکی دیاریکراو دەکەن, لێرەدا توێژەر تەنها پرۆسەی گفتوگۆکردنەکە شیدەکاتەوە, بێ گوێدانە ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرن لەسەر هەڵدان بۆ ڕازیکردنی ئەوەی تریان بە بیروڕاکان.

2. شیکردنەوەی بارودۆخەکە: پێویستە لێرە توێژەر وەلامی ئەم پرسیارانە بداتەوە: بۆچی و چۆن ڕەفتارێکی دیاریکراو یان دیاردەیەک روودەدات؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەمەش توێژەر چەند گریمانەیەک دادەنێت.
3. پێشبینیکردن: واتا پێشبینیکردن بۆ ڕەفتارێک بەر لەوەی دروست ببێت, ئەویش لەڕێگەی وەسفکردنی ئەو دیاردەیەی کە لێکۆڵینەوەی لەبارەیەوە دەکرێت, لێرە توێژەر وەڵامی پرسیاری: چی روودەدات؟ دەداتەوە.
4. کۆنترۆڵکردن: ئەمە کۆتا ئامانجی بەکارهێنانی تیۆرە لە توێژینەوە, واتا هەبوونی توانا بۆ کۆنترۆلکردنی ئەو دیاردەیەی کە لێکۆڵدراوەتەوە, لەماوەی یان لە بەر لە رووداني. لێرەدا توێژەر دەتوانێت ڕەفتارێک ی دیاریکراو دەربخات و کۆنترۆڵی پرۆسەی پەیوەندیکردنەکە بکات.

**تیۆرە پەیوەندیدارەکان بە نێرەر:**

**تیۆری دانانی کارنامە:**

بیرۆکەی ئەم تیۆرە ئەوەیە کە نێرەر یان ئەو کەسەر پرۆسەی پەیوەندیکردن ڕێکدەخات هەوڵدەدات لیستێک ریز بکات بۆ ئەو شتانە لای جەماوەر, لەسەر بنەمای بیروڕاو و تێروانینەکانی خۆی یان ئەو دامەزراوە راگەیاندنەی کە کاری تێدا دەکات. ئەمەش بەواتای ئەوە دێت ئامرازەکانی راگەیاندن کارنامە جەماوەر دادەنێن. واتا کتێک ئامرازێکی راگەیاندن گرنگی بە ڕووداوێک یان بابەتێک دەدات ئەم بابەتە دەبێتە بابەتێکی گرنگ لای جەماوەر و گرنگی پێدەدەن.

بەمشێوەیە نێرەر لە دامەزراوە میدیاییەکان چەند بابەتێک دەستنیشاندەکات کە زیاتر تیشکی دەخاتەسەر بەمشێوەیە جەماوەر وردە وردە تەنها ئەم بابەتانە بە گرنگ دەزانن کە لای دامەزراوە راگەیاندنەکە خراوەتەڕوو, ئەو بابەتانەی کە باسی لێوەناکرێت پشت گوێی دەخەن.

کارکردنی دامەزراوە راگەیاندنەکان بەمشێوەیە لەسەر بنەما و سیاسەتی کەناڵەکە دانراوە بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە کاریگەر دەبن لەسەر بیرو هۆشی تاکەکان و کاردەکەنە سەر ئاراستە و ڕەفتاریان.

## گریمانەکانی تیۆرە دانانی کارنامە:

1. میدیا دیاری دەکات کە چی گرنگە: تیۆری دانانی کارنامە پێی وایە کە میدیا نەک هەر بە بینەر دەڵێت بیر لە چی بکاتەوە، بەڵکو دیاری دەکات کە کام بابەت و ڕووداو دەبێت جێگەی سەرنجی بینەر بێت. بە واتایەکی تر میدیاکان زیاتر سەرنجیان لەسەر هەندێک بابەتی دیاریکراو دەبێت و وایان لێدەکات لە چاوی خەڵکدا گرنگتر دەربکەون.
2. تیکخستنە سەر هەندێک بابەت لە میدیاکان کاریگەری لەسەر سەرنجی گشتی دەبێت: کاتێک میدیاکان بۆ ماوەیەکی زۆر سەرنجیان لەسەر بابەتێکی دیاریکراو دەبێت، خەڵک گرنگی زیاتر بەو بابەتە دەدەن. ئەو بابەتەی بەردەوام وروژێنراوە دەبێتە بەشێک لە ئەولەویەتەکانی ڕای گشتی.
3. ڕای گشتی بە توندی کاریگەری ناوەڕۆکی میدیایی لەسەرە: میدیا سەرچاوەی سەرەکی هەواڵ و زانیارییە بۆ زۆر کەس. بەم پێیە ئەو زانیاریانەی لە میدیاکانەوە دەخرێنەڕوو، بەشدارییەکی بەرچاویان هەیە لە داڕشتنی بۆچوون و هەڵوێستی خەڵک.

4. ڕیزبەندی هەواڵ و ڕووداوەکانی ناو میدیا: ئەو ڕیزبەندییەی کە هەواڵ و ڕووداوەکان لە میدیادا پێشکەش دەکرێن، دەتوانێت کاریگەری لەسەر هەستکردنی بینەر بۆڕووداوەکان هەبێت. ئەو بابەتانەی کە سەرەتا دەخرێنەڕوو یان زۆر دووبارە دەکرێنەوە، ڕەنگە کاریگەرتر بن لە دارشتنی ڕای گشتیدا.
5. مەرج نییە میدیاکان بە خەڵک بڵێن چۆن بیربکەنەوە، بەڵکو ئەوە دیاری دەکەن کە پێویستە بیر لە چی بکەنەوە: ئەم تیۆرە جیاوازی دەکات لە نێوان "کاریگەریکردنی بیرکردنەوە" و "دیاریکردنی پرسەکان". دەوترێت میدیا هەندێک بۆچوون بەسەر خەڵکدا ناسەپێنێت، بەڵکو بابەتەکان دیاری دەکات کە بیریان لێبکەنەوە.
6. کاریگەری ناڕاستەوخۆ: ئەم کاریگەرییە بەزۆری ڕاستەوخۆ یان دەستبەجێ نییە. بەڵکو پەیوەستە بە دووبارەبوونەوەی بابەتەکان و ڕووماڵکردنی بەردەوامیان تا بابەتەکە دەبێتە بەشێک لە هۆشیاری گشتی.
7. کاریگەری میدیا بە پێی ئاستی کۆمەڵایەتی و کولتووری دەگۆڕێت: پێیان وایە کە کاریگەریی ئەولەویەتدان بە پێی ژینگەی کۆمەڵایەتی و کولتووری هەر کۆمەڵگایەک دەگۆڕێت بۆ نموونە لە کۆمەڵگا دیموکراسیەکاندا، میدیای سەربەخۆ لەوانەیە ڕۆڵی زیاتری هەبێت، لە کاتێکدا کە میدیای حکومی یان کۆنترۆڵکراو لەوانەیە لە کۆمەڵگاکانی دیکەدا کاریگەریی جیاوازتر هەبێت.

لە ڕێگەی ئەم گریمانانە، تیۆری دانانی کارنامە هەوڵدەدات ڕوونی بکاتەوە کە چۆن میدیا ئەو واقیعە لە قاڵب دەدات کە مرۆڤەکان تێیدا دەژین، چۆن میدیا تەنها ئاوێنەیەک نییە کە ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانە، بەڵکو ئەکتەرێکی چالاکە لە دیاریکردنی ئەولەویەتەکانی پرسەکان لە کۆمەڵگادا.

**تیۆری چاندنی رۆشنبیری:**

لێکۆلینەوەکانی جۆرج جیربنر لەسەر کاریگەری ئامرازەکانی راگەیاند بوون بە بنەمایەک بۆ سەرهەڵدانی تیۆری چاندنی رۆشنبیری. جیربنر وایدەبینێت ئامرازەکانی راگەیاندن پەیامی چۆراوجۆر بۆ جەماوەر دەگوازنەوە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی کاریگەری لەسەر بیروڕا و تێگەیشتنیان بۆ رووداو و بارودۆخەکان لەدەوروبەری. هەروەها ئەم ئامرازە هەوڵدەدات بۆ چاندنی وێنەیەک لە بیروهۆشی جەماوەر. لەسەر ئەم بنەمایەش ئامرازەکانی راگەیاندن شێوازێکی نوێ پێشکەشدەکەن بۆ بینینی (ڕاستیە کۆمەلایەتییەکان) و ئاڵوگۆرکردنی لە نێوان خۆیاندا.

بەو واتایەی ئەوەی بینەر لەرێگەی ئامرازەکانی راگەیاندن و دونیای مەجازیدا دەیبنێت پێی وایە ڕاستەقینەیە و ئەوەیە جیهانی راستەقینە.

لێرەدا بەپێی گریمانەکانی ئەم تیۆرە ئامرازەکانی راگەیاندن دەتوانن رەوتێکی رۆشنبیری دیاریکراو بچێنن ئەمەش کاریگەری هەبێت لەسەر بیروهۆش و ڕەفتاری جەماوەر, یان بەواتایەکی تر ئامرازەکانی راگەیاندن شێوازێک لە رەتی رۆشنبیری زاڵ دەکات لەلای جەماوەر ئەویش لەبەرئەنجامی (بەرکەوتنی بەردەوام) بۆ ئامرازەکانی راگەیاندن.

(بەرکەوتنی بەردەوام) بەواتای ئەوەی جەماوەر بەبەرکەوتنێکی ماوە کورت بۆ ئامرازەکانی راگەیاندن کاریگەر نابێت, بەڵکو دووبارەبوونەوە و خستنەرووی جۆراوجۆر بۆ بابەتەکان دەبێتە هۆکاری دروستبوونی ئەم کاریگەرییە.

## ئەمانەی خوارەوە گریمانەکانی ئەم تیۆرییەن:

١. بەرکەوتنی درێژخایەن بە میدیا کاریگەری لەسەر تێڕوانینەکانی خەڵک هەیە: تیۆری چاندنی رۆشنبیری پێی وایە ئەو کەسانەی کە بەرکەوتەی میدیا دەبن لەسەر بنەمای بەردەوام و درێژخایەن، تێڕوانینێکی دیاریکراو بۆ جیهان دەگرنەبەر کە ڕەنگدانەوەی ئەو وێنە و بەهایانە بێت کە میدیا پێشکەشی دەکات. ئەم کاریگەرییە بە تێپەڕبوونی کات کەڵەکە دەبێت و تێڕوانینی مرۆڤەکان سەبارەت بە واقیع لە قاڵب دەدات.

٢. ئامرازە بینراوەکان سەرچاوەیەکی سەرەکی واقیعی کۆمەڵایەتییە: لەم چوارچێوەیەدا تەلەفزیۆن (یان ئێستا ئینتەرنێت) سەرچاوەی سەرەکی زانیارییە کە تاکەکان لە سەرانسەری جیهاندا بەدەستی دەهێنن. هەرچەندە تاکەکان لە ژینگە کۆمەڵایەتییە هەمەچەشنەکاندا دەژین، بەڵام زۆربەیان هەمان جۆری زانیاری کولتووری لە ڕێگەی میدیاوە بەدەست دەهێنن.

٣. کاریگەری لەسەر تێڕوانینی توندوتیژی و هەڕەشە کۆمەڵایەتییەکان: میدیا بەتایبەت لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان هەندێک تێڕوانین سەبارەت بە توندوتیژی و هەڕەشە کۆمەڵایەتییەکان نیشان دەدات. میدیاکان مەیلیان هەیە وێنەی زیادەڕەوی لە توندوتیژی و تاوان بخەنە ڕوو، ئەمەش وا دەکات تاکەکان هەست بکەن کە جیهان شوێنێکی مەترسیدارە. ئەمەش بە "کاریگەری کۆمەڵایەتی"ی چاندنی کولتووری ناسراوە، کە میدیا کاریگەرییەکی نادروست لەسەر کۆمەڵگا دروست دەکات.

٤. ئاماژەی کۆمەڵایەتی هاوبەش: میدیا مەیلی چاندنی بەها و دیدگای هاوشێوە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا هەیە. بەم شێوەیە میدیا هانی تاکەکان دەدات بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی هاوبەش لەسەر هەندێک بابەتی وەک جوانی، سەرکەوتن، پەیوەندییەکان و هتد.

٥. دووبارەکردنەوە و بەهێزکردن: یەکێک لە چەمکە بنەڕەتییەکانی تیۆری چاندنی ڕۆشنبیری ئەوەیە کە کاریگەریی میدیا لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەی بەردەوام و بەهێزکردنی هەمیشەیی ئەو وێنە و بیرۆکانەی کە دەخرێنەڕوو دێتە ئاراوە. تا تاکەکان زیاتر بەرکەوتەی هەندێک ناوەڕۆک بن، کاریگەری زیاتری دەبێت لە داڕشتنی هەڵوێست و تێڕوانینەکانیان.

٦. گۆڕانی کاریگەری بەپێی تەمەن و گروپە کۆمەڵایەتییەکان: هەموو کەسێک بە هەمان شێوە کاریگەری لەسەر نییە. ئەو کەسانەی زیاتر بەرکەوتنیان بە ناوەڕۆکی میدیایی هەیە (وەک گەورەسالانی بەتەمەن یان منداڵان) ڕەنگە کاریگەری زیاتریان هەبێت بەهۆی بەردەوامبوونی بەرکەوتنیان، لەکاتێکدا ئەو کەسانەی کە پاشخانی کولتووری و کۆمەڵایەتی جیاوازیان هەیە، ڕەنگە کاریگەری جیاوازیان هەبێت بە پشتبەستن بە ئەزموونی ژیانیان.

٧. میدیا ئایدۆلۆژیا زاڵەکان بەهێز دەکات: تیۆرەکە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە میدیا واقیعێکی بێلایەن ناخاتەڕوو، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیای باڵادەست لە کۆمەڵگادایە و بەهێزی دەکات. بۆ نموونە، میدیاکان ڕەنگە هەندێک چەمکی دەسەڵات، ئایین و سیاسەت بەهێزتر بکەن، جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان قووڵتر بکەنەوە یان پاساویان بۆ بهێننەوە.

٨. تەرکیز لەسەر مۆدێلی ئایدیاڵ یان کۆنەپەرستانە: میدیا مۆدێلی ئایدیاڵ یان کۆنەپەرستانە نیشان دەدات کە بیرۆکەیەکی دیاریکراوی جوانی، سەرکەوتن، یان دەسەڵات بەرەوپێش دەبات. ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکان کە ڕەنگە دوور بن لە واقیع، بەڵام ببنە ئاماژەیەکی کولتووری باو.

٩. چاندنی کولتووری نەک تەنها کاریگەری لەسەر تێڕوانینی مرۆڤەکان بۆ جیهان، بەڵکو کاریگەری لەسەر ڕەفتارەکانیشیان هەیە: لە درێژخایەندا، بەرکەوتنی بەردەوام بە میدیا ڕەنگە ببێتە هۆی گۆڕینی ڕەفتاری تاکەکان. بۆ نموونە دووبارە پیشاندانی چەشنە کۆنەپەرستانەکان یان شەڕانگێزی دەتوانێت ڕەفتارە شەڕانگێزەکان بەهێز بکات یان ڕۆڵی کۆنەپەرستانە لە ژیانی ڕۆژانەدا دووبارە بکاتەوە.

به گشتی تیۆری چاندنی کولتووری تیشک دەخاتە سەر کاریگەریی وردە وردە و هەمەلایەنەی میدیا لە داڕشتنی کولتووری کۆمەڵگاکان بە تێپەڕبوونی کات و چۆن ئەم کاریگەرییە هەمیشە ڕاستەوخۆ دەرناکەوێت، بەڵکو کۆدەبێتەوە بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر تێگەیشتن و ڕەفتارەکان هەبێت.